نامۆبوونی خودی کوردی لە بەشێکی گەورەی مێژوودا ئامادەیی هەبووە، بەڵام لە دوای ڕێکەوتنامەی سایکس- پیکۆوە ئەو دۆخە خودیی کوردی تووشی کێشەی ئێجگار قوڵکرد، کە هەرگیز لە پێش ئەو ڕێکەوتنامەوە ئەو دۆخە نەگەیشتبووە ئەو ئاستە ترسناکەی کە لە دوای ئەو ڕێکەوتنامەوە ئەو خودەی ڕووبەڕوو بوویەوە! بەتایبەت ئەو ڕێکەوتنامەیەی بۆ یەك سەدەی تەواو کوردستانی (پارچە پارچەکرد)و هەرپارچەیەکیشی بۆ دەسەڵاتێکی بەهێز (ملکەچپێکرد). بۆیە جێی خۆیەتی کە ئێستاو دوای تێپەڕبوونی سەدەیەك بەسەر ئەو ڕێکەوتنامەیەدا هەڵوێستە لەسەر جێکەوتەکانی ئەو دۆخە بکرێت و تەواوی شوێنەوارەکانی لەسەر کەسێتی و بزووتنەوەی مرۆڤی کورد لە ژیاندا بخرێتەڕوو.

### ناوەرۆکی توێژینەوە

ناوەرۆکی ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکییەك و چەند تەوەرەیەکی سەرەکی پێکهاتووە و دواتر لەدووتوێی چەند خاڵێکدا ئەنجامەکانیشمان خستووەتە ڕوو:

لە تەوەری یەکەمدا باسمان لە نامۆبوون وەك بابەتی توێژینەوە مێژووییەکان کردووەو ئەوەمان ڕوونکردووەتەوە کە ئەم بابەتی لە کوێی واقعی مێژوویدا جێگەی دەبێتەوە. دواتر هەڵوێستەمان لەسەر هەلومەرجی مێژوویی کوردستان و ڕۆڵی ئەو داگیرکارییە لە نامۆبووکردنی مێژوویی کورد کردووەو لە تەوەری کۆتایشدا لە میانەی ملکەچکردن بۆ کۆو ملکەچکردنی سادیزم-ماسۆشیزم و ملکەچکردن بۆ دەسەڵاتە نادیارەکان ڕۆڵی ڕێکەوتنامەی سایکس- پیکۆ لە قوڵکردنەوەی نامۆبوونی خودیی کوردیمان ڕوونکردووەتەوە. لە کۆتایداو لەمیانەی چەند خاڵێکدا گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکەمان خستووەتە ڕوو.

### میتۆدی توێژینەوە

ئەو میتۆدەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتووە میتۆدێکی شیکارییەو سودمان لە زاراوەگەلێکی نێو کایە جیاوازەکانی تری زانستە مرۆڤایەتییەکان وەرگرتووە، بەتایبەت دەروونناسی.

### سەرچاوەکانی توێژینەوە

بێگومان چەند سەرچاوەیەکی بنەڕەتی پشکیان هەبوو لە گەڵاڵەکردنی ئەم توێژینەوەیەداو لە پێش هەموویانەوە کتێبی(ریتشارد شاخت: الاغتراب) وەك کتێبێکی بنەڕەتی ڕۆڵی گرنگی لە بەئەنجامگەیاندنی توێژینەوەکەدا گێڕا. هەروەها سودێکی زۆرمان لە هەردوو کتێبی (حسن محمد حسن حماد: الاغتراب عند إيريك فروم، فيصل عباس: الانسان المعاصر وشقاء الوعي) بۆ ڕوونکردنەوەی شێوازەکانی نامۆبوون وەرگرت. هاوکات سودمان لە سەرچاوەگەلێکی گرنگی وەك:(حسین مەدەنی: کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، سعد بشير اسكندر: من التخطيط الى التجزئة) بۆ ئاشنابوون بە ڕێکەوتنامەی سایکس پیکۆ وەرگرت.

بۆیە هیوادارین لە میانەی ئەم توێژینەوەیەدا بتوانین پەی بە تەواوی ئەو نامۆبوونە بەرین کە ئەو ڕێکەوتنامەیە بەسەر خودیی کوردیدا هێنای.

**سەرچاوەکان**

١) پەیمانی کۆن، پەرتووکی پەیدابوون، ٢،٣.

**نامەی زانکۆیی**

٢) سوزان کەریم مستەفا: لیکدانەوەی راسیزم بۆ مێژوو (کەمالیزمو بەعسیزم وەك نموونە)، تێزی دکتۆرا (بلاۆنەکراوە، پێشکەشی بەشی مێژووی سکوڵی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە، ٢٠١١.

**سەرچاوەکان بەزمانی کوردی**

٣) ئاندرو هێیوود: تیۆری سیاسی، وەرگێڕانی: گۆران سەباح، دەزگای چاپو بلاۆکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٧.

٤) حسین مەدەنی: کوردستانو ستراتیژی دەوڵەتان، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلاَت، هەولێر، ٢٠٠٩.

٥) زرار صدیق تۆفیق: هۆزو دەسەلاَتە هۆزەکییە کوردییەکانی چاخی ناوەڕاست، و: ئیدریس عەبدولاَ مستەفا، دەزگای توێژینەوەو بلاۆکردنەوەی موکریانی، چ١، هەولێر، ٢٠١٠.

٦) سعید بشیر اسکندر: من التخطیط الى التجزئة، سياسة بریطانیا العظمى تجاه مستقبل كردستان ١٩١٥–١٩٢٣، بنکەی ژین سلێمانی، ٢٠٠٧.

٧) شەمسی محەمەد ئیسکەندەر: مێژووی کورد لە سەدەی شانزەهەمدا، هەولێر، ١٩٩٨.

٨) عەبدوڵلاَ ئۆج ئالان: مانیفستۆی شارستانێتی دیموکراتیك، پەرتووکی چوارەم، وەرگێڕانی: لوقمان عەبدولاَ، چاپی یەکەم، ٢٠١١.

٩) فاضل حسین: کێشەی ویلایەتی مووسڵ، و: محەمەد شاکەلی، چ٢، کەرکوك، ٢٠٠٧.

١٠) کامەران محەمەد: فیرنان برودیلو گوتاری مێژوویی، بەڕێوبەرێتی چاپوبلاۆکردنەوەی سلێمانی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٢.

١١) کامەران محەمەد: لەنێوان مرۆڤو شوێنو کاتدا دیمانەیەك بۆ تێگەیشتنی مێژوو، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٥.

١٢) محمد رسول هاوار: کوردو باکوری کوردستان لە سەرەتای مێژووەوە هەتا شەڕی دووەمی جیهان، بەرگی یەکەم، چ٢، بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپو بلاۆکردنەوە، ٢٠٠٦.

**سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی**

١٣) أريك فروم: الخوف من الحرية، ترجمة: مجاهد عبدالمنعم مجاهد، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، الطبعة الاولى، ١٩٧٢.

## Abstract

It is considered that Alienation from the mental and social lesions, which is elaborated through different styles, as a painful isolation, or discontinuity, or fragmentation which disconnect belonging things from each other. For instance, people will alienate from the political process when they think that they are disconnected from it, and they feel powerless over the political system. The Alienation of Kurdish people's personality linked to historical events. That personality was born in a compulsory environment, uncivilized and a distorted social structure. The Alienation has participated in events, which its impacts were catastrophic for the Kurdish people, and then it is considered to be an essential factor through which the historian can discover unknown world and a numbers of the historical secrets. The research has adopted the analytical methods in three kinds of Alienation, in which the Sykes - Picot agreement has deepened in the Kurdish people's personality.